# لێرە و لەوێ

## بەڕێوەبەری نوسین

## ئیمارات و مۆبایل

ژمارەی دانشتوانی ( ٤ ) ملیۆن

ژمارەی هاوبەشانی مۆبایل ( ٩٥) ملیۆن

دانشتوانی ئیمارات ئاشنایەتیەکی زۆریان لەگەڵ تلفۆنی مۆبایل هەیە ، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەو کاتەی مۆبایل بریتی بوو لە جانتایەک و تۆر و مایکێک کە پێ ی دەوترا تەلەفۆنی ئوتومبێل، ئەو کاتەی نرخی ( ٨٠٠٠ ) دۆلار بوو ئیماراتیەکان لافیان بە بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لێدەدا .



ئێستاش کە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە و نرخی مۆبایل و خزمەتگوزاریەکانی بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو داشکاوە ، ئیمارات بووەتە پێشەنگی ولاتانی عەرەبی و ناوچەکە لە بەکارهێنانی مۆبایل ، هەروەها لە ئاستی جیهانیش لەگەڵ ولاتە پێشکەوتووەکانی بواری مۆبایلە.

دەزگای ( اتصالات ) رایگەیاند کە رێژەی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ ژمارەی دانشتوانی ئیمارات کە ئەمساڵ بە (٤/١) ملیۆن کەس تۆمار کرا ( ١٢٠٪) کە پتر لە ( ٥ ) ملیۆن هاوبەش لەم ولاتە هەیە) .

## جل و بەرگی بە ئامێری ئەلکترۆنی چێندراو

جل و بەرگی بە ئامێری ئەلکترۆنی چێندراو بووەتە مۆدەی سەردەم و ئێستا زۆر کۆمپانیای بەرهەم هێنانی جل و بەرگ هەڵساون بە دروستکردنی جل و بەرگی جۆراو جۆر کە ئامێری ئەلکترۆنی پێوە لکێنراوە یان چێنراوە .

لە ناوەراستی تەموزی رابردو ، لە شاری میونخی ئەلمانیا پێشانگای ( ISPO ) ی هاوینە کرایەوە ،
لەم پیشەنگایەدا کۆمپانیاکانی جل و بەرگی جۆراو جۆر و وەرزشیان خستە روو بە دیزاینی نوێ.

کۆمپانیای جیهانی کویانو ( KOYONO ) بۆ جل و بەرگ چاکەتێکی نمایش کرد کە نرخەکەی تەنها (٢٧٥ ) دۆلار بوو ، ئەم چاکەتە چنینێکی زیرەکی لەناو چاندراوە و پێنج قۆپچەی لەخۆ گرتووە بۆ کۆنترۆل کردنی ئامێری ( ئای بود ) ی مۆسیقا بێ ئەوەی چاکەتەکە دابنێیت .

هەروەها کۆمپانیای سکۆتڤیست ( Scott vest ) پانتۆرێکی کورت و چاکەتەکی وەرزشی خستە روو کە چاکەتەکە ( ٢٥ ) قۆپچەی شاراوەی پێوەیە هەروەها ناوچەیەکی تایبەت بە تۆری پەیوەندی کەسێتی لەخۆ گرتووە / پانتۆرە کورتەکەش ( ١١ ) قۆپچەی پێوەیە .

کۆمپانیای ( ئونیل ) جەنتایەکی پشتی خستە روو کە کامیرای ڤیدیۆی پێوەبوو قۆپچەکانی کۆنترۆڵیش لەسەر دەستی هەڵگربوو .

جۆرە جل و بەرگێکی تر کە ناوی ( GPS OVER IB ) بریتیە لە چاکەتێک و سیستەمی (GPS) بۆ دەستنیشان کردنی شوێنەکان و تۆری مۆبایل ( GSM ) ( بلوتوث ) تێدا چاندراوە . واتە ئەو کەسەی لەبەری دەکات شوێنە جوگرافیەکان دەناسێت و وێنە دەگرێت و مۆبایل بەکار دەهێنێت.

## ئاوێنەی پێشەوەی ئۆتۆمبێل .... مۆبایل و شاشەیە

بێگومان بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی هاژوتنی ئوتومبێل کاریگەریەکی سەلبی لەسەر بیر و هۆشی شوفێر هەیە و لە زۆربەی ولأتانیش بەکارهێنانی لەکاتی شوفێری قەدەغەیە ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمپانیای (سکیۆد)ی ئەلمانی جۆرە مۆبایلێکی دروست کردووە و ناوی ناوە (فۆسەر)ئەم مۆبایلە بریتیە لە گۆرینی ئاوێنەی ناو ئوتومبێل کە شوفێر دواوەی لێ دەبینێت چونکە هەردەم شەفێر لە لێخورینی سەیری ئاوێنە دەکات ، ئەم ئاوێنەیە بەکاری مۆبایل هەڵدەستێت و هەموو خزمەتگوزاریەکانی تێدایە و شوفێر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت تلفۆن بکات و ژمارەکان دەربێنێت و کۆنترۆلی دەنگی بکات .

## ٨ ملیارد دۆلار زیانی ڤایرۆس و کرداری ئەلکترۆنی ساختە لە ئەمریکا



بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە دوو ساڵی رابردوو زیانی هەشت ملیار دۆلاریان لێکەوتووە. لە ئەنجامی لە کار کەوتن و چاککردنەوەی کۆمپیوتەرەکانیان بە هۆی ڤایرۆس و پرۆگرامی هاککردن و سیخوری.

دەربارەی ئەو زیانە گەورەیە (دان هابارد) جێگری سەرۆکی کۆمپانیای (WebSine) گوتی: لە راستیدا هەموو لایەک زەرەمەندین هەر لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی تا بانکەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن و بەکاربەر، هەر لەم بارەیەوە، هۆکاری ئەو زیانە گەورەیە بە پلەی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر و بەکار نەهێنانی پرۆگرامی دژە ڤایرۆس. لەلایەکیتر هەندێک لە پسپۆران رایان وایە، کە زۆر لە بەکاربەرانی کۆمپیوتەر دەکەونە دوای راو کردنی ساختە، کە زۆر جاران راگەیاندێکی ساختە یان سەرنج راکێش وا لە بەکاربەر دەکات بچێتە ناو ئەو پرۆگرامانە و دەبێتە نیچیرێکی باشی ئەم راوچیە ساختانە.

شایانی باسە بەپێی دوا ئامار دەرکەوتووە ٢٠٪ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لە ئەمریکا پرۆگرامی دژە ڤایرۆس بە کارناهێنن و ٣٥٪ پرۆگرامی سیخورییەکانیان فەرامۆش کردووە.

## Airfrance سیستەمی پەیوەندی مۆبایلی ئاسمانی Onair تاقی دەکاتەوە

کۆمپانیای Airfrance دەستیکردووە بەکار پێکردنی سیستەمی تەلەفۆنی مۆبایلی ئاسمانی Onair و ماوەی شەش مانگ بە شێوەی ئەزموونی دەبێت و بەم جۆرە ئەم کۆمپانیایە دەبێتە یەکەمین کۆمپانیای فرۆکەوانی مەدەنی ئەم خزمەتگوزارییە لە نێو فرۆکەکانی دابین بکرێت . Onair سیستەمێکە کە هەموو سەرنیشانی نێو فرۆکە دەتوانن مۆبایلەکانیان بەکار بێنن و سەرەتا لە نێو فرۆکەی جۆری Airbvs لە گەشتە کورت خایەنەکانی ئەورپا بەکار دەهێنرێت و دوای تەواو بوونی ماوەی ئەزموونی هەمان سیستەم لە نێو فرۆکەی جۆر Boeingبەکار دەهێنرێت شایانی باسە Onair پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمپانیای SITA گرۆپی Airbvs ە و لەگەڵ بە دەستهێنانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە نیازن تا ساڵی ( ٢٠٠٨) ئەم خزمەتگوزارییە بۆ هەموو فرۆکەیەک دابین بکەن

## Microsoft هەڵمەتێک لە دژی راوچیانی فێڵباز دەست پێدەکات.

کۆمپانیای ( Microsof ) هەڵمەتێکی جیهانی دەستی پێکردۆوە دژی کردەکانی ناسراو بە (راوی فێڵبازانە – Phishing)کۆمپانیاکە رایگەیاند زیاتر لە سەد داواکاری دادوەری پێشکەش بە دادگا کردووە بۆ راوەدونانی راوچیانی فێڵباز لە ناوچەکانی ئەورپا و خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقیا . هەوڵی (Microsoet)بە هەماهەنگی لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندارە بۆ دۆزینەوە و گەران بە دوای ئەو کەسانەی بەهۆی ئینتەرنێتەوە پەنا دەبەنە بەر کاری ساختەکاری و فروفێڵ .

کۆمپانیاکە دەڵێت تا ئێستا بەرهەمی هەوڵەکانیان داخستنی (٤٧٠٠) چوار هەزار و حەوت سەد پێگەی تایبەت بەکاری ساختەکاری و فێڵبازی بووە لەسەر تۆری ئینتەرنێت لە سەرانسەری جیهاندا .